www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا28-8-2006 18:09

## خەڵكی شاری سلێمانی ناڕازین بەهاتنی عەرەبەكانی باشووری عێراق بۆ شارەكەیان.. راپۆرت -- ستیڤان شەمزینانی



ماوەیەكە ژمارەیەكی زۆر لەخێزانی عەرەب لەناوەڕاست و باشووری عێراقەوە بەبیانووی نەبوونی سەقامگیریی و هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەكانەوە روویان لەهەرێمی كوردستان كردووە.
بەپێی ئامارێك كە دەستی ئێمە كەوتووە تا ئەمرۆ زیاتر لە پێنج هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە شاری سلێمانی كە دەتوانین بڵێین ژمارەیان لەسەروو بیست هەزار كەسەوەیە.
هەنووكەش كۆچی بەلێشاوی هاولاتیانی عەرەب بۆ شارو شارۆچكەكانی كوردستان بەردەوامە، ئەمەش لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە تێبینی و سەرنجی زۆری لەسەرەوە تاڕادەیەكی زۆریش نیگەرانن بەهاتنیان بۆ ناوچەكانیان. ئەگەر ئەمرۆ لەنێو بازاڕەكانی شاردا بەوردی و دیقەتەوە سەیر بكەین رێژەیەكی ئێجگار زۆر و بەرچاو عەرەب دەبینرێت و زۆر ئازادانە مومارەسەی ژیان دەكەن و تا ئێستا لەلایەن هیچ كەسێكەوە تووشی بەربەست و ئاستەنگ نەبوون هەرچەندە ئەمە بەمانای ئەوە نییە خەڵكی كوردستان خۆشحاڵن بەهاتنیان.
بۆئەوەی بزانین هاولاتیانی كورد چۆن لەهاتنی هاولاتیانی عەرەب دەڕوانن و سەرنج و تێبینی و سڵەمینەوەكانیان چین؟ ئێمە خودی خەڵك خۆیمان دواندو ئەوانیش بەمجۆرە هاتنە پەیڤین:-
شەماڵ ئەحمەد وتی: بەلای منەوە هاتنی عەرەبەكان مەبەستی خراپی لەپشتەوەیە، باشە ئەو هەموو كوردە لەبەغداد هەن بۆ كەسیان نایەن بۆ كوردستان لەترسی تیرۆر؟ بۆچی دەبینین هەر عەرەبەكانن دێن بۆ كوردستان؟
من پێمولیە چۆن سەدام بەمەبەستی تەعریب عەرەبە هاوردەكانی هێنا بۆ شاری كەركوك ئاوها حكومەتی نوری مالیكی دەیەوی لەو رێگەیەوە نەك هەر كەركوك بەڵكو هەولێرو سلێمانی و شارەكانی تریش تەعریب بكات و ژمارەیەك عەرەبیان تێدا جێگیر بكات.
هیچ مەبەستێكی چاك لەهاتنی عەرەبەكاندا نابینم بەڵكو لەوەدەترسم سبەینی ببنە شت و نیوەی ئیدارەكانیشمان ببنە فەرمانبەر و كاربەدەستی عەرەب كەواتە بیئەوەی پێی بزانین سەدام هەرماوە و شێخ چۆپی هەر كاربەدەستە.
كەمال حەمە ساڵح مامۆستای زمانی ئینگیزی دەڵێ: بەڕای من هاتنی عەرەبەكان لەچەند ڕوویەكەوە شتێكی باش نییە، یەكەم بۆتە هۆی زیاتر قووڵ بوونەوەی قەیرانی نیشتەجێ بوون لەشارەكانی كوردستاندا بەتایبەتی دەبینین كرێی خانوو دووبەرابەر زیاد بووە ئەمەش قورس دەكەوێتەوە لەسەر هاولاتیانی خۆمان.
دووەم بۆتە هۆی زیاترگرانی بازاڕەكان چونكە بیست سی هەزار كەس هاتوونەتە شارەكەمانەوە ئەمانە رۆژانە پێویستیان بەشتە ئەمەش وا دەكات داوا لەسەر شتەكان زۆر بێت دیارە ئەوەش گرانی زیاتر دروست دەكات و خەڵكە هەژارەكە لێی زەرەرمەند دەبن و دەبێتە كێشەیەكی گەورە بۆیان.
سێیەم: كێشەیەكی سیاسی بەدواوا دێت كەڕەنگە ژمارەیان لەمەزیاتر بێت كێشەی سیاسی دروست بكەن و بارودۆخی ئێمە زیاتر تووشی قەیران بكەن.

شەهلا جەزا وتی: هاتنی ئەو عەرەبانە کارێکی زۆر خراپە، ئەگەر ری بدەین ئەو هەموو عەرەبە بی سانسۆر بێنە وڵاتەکەمانەوە ئەوە بەدەستی خۆمان ماڵی خۆمان دەسووتێنین و رەنجی خۆمان بەبا دەدەین، لەوانەیە بەناوی ئەوەوە گروپە ئیسلامییەکان دەیان تیرۆریست بنێرن بۆ کوردستان و کاری تێکدەرانە ئەنجام بدەن، ئەمە شتێکە نابێت نادیدە بگیرێت و بی بایەخ سەیری بکرێت چونکە ئەمەش باشترین فورسەتە و هەلە بۆ تیرۆریستان خۆیان بخزێننە ناو ئەو عەرەبانەوە و بەو بیانووەوە بێنە نێو خاکی کوردستانەوە و دزە بکەنە شارەکانەوە، پێویستە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بزانن مۆڵەت بەکی دەدەن تاوەکو ئیقامە وەربگرن لێرە؟ ناکری رێی مانەوە بە هەموو کەس بدری ئەگەر وابێت تەنیا گروپ و شانە چەکدارە تیرۆریستییەکان سوودمەند دەبن.

ئاریان محەمەد خاوەنی کۆگای هێلین لەشاری سلێمانی وتی: هەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیەڵێت ئەو ژمارە زۆرەی عەرەب بێنە کوردستانەوە چونکە لەوەدەچێت زۆربەیان خەڵکانی خراپەکار بن و بەمەبەستی تر بێنە ئێرە.

لەو دووسی رۆژەدا لە تەلەفزیۆن گوێم لێبوو کە حکومەتی عێراق بەشە سووتەمەنی هەرێمی کوردستان نانێرێت بۆیە لێرە ئەزمەی سووتەمەنی و بەنزین دروست بووە، ئەگەر ئەمە راستە و حکومەتی عێراق سوورە لەسەر ئەو کارەی هەقوایە حکومەتی هەرێم نەهێڵێت هیچ عەرەبێك بێتە شارەکانی کوردستانەوە تاوەکو ئەوان بەشێوەیەکی رێکوپێك سووتەمەنی نەنێرن بۆ کوردستان، ئیتر کاتی ئەوە بەسەرچووە دڵی عەرەبەکان راگرین چی کارتێك بەدەستمانەوە هەیە هەقە بەکاری بهێنین و خواش دەڵی چاوبەچاو.

*زۆرێك لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد هاتنی عەرەبەکان لەخۆیدا کارێکی مەترسیدارە بەدەلیلی ئەوەی کەرەنگە دواتر نەرۆنەوە و پشکیان هەبی لەشێواندنی بارودۆخی ئەمرۆی کوردستاندا، لەلایەکی ترەوە خەڵکانێکی زۆر گرانی ئەمرۆی بازارەکانیان گەراندەوە بۆ هاتنی ئەو عەرەبانە چونکە قەرەباڵغییەکی زۆریان لەشارەکاندا دروستکردووە، هاوکات بەشێکی تری خەڵك ئامازەیان بەوەدا هەندێك لەو عەرەبانەی هاتوون بۆ مەبەستی کاری لەشفرۆشی و کارێکی هاوشێوە.

سۆران شاڵی- ئەندازیاری تەلاسازیی وتی: مەبەستێکی پۆزەتیڤ لەهاتنی ئەو خێزانە عەرەبانە نابینم، تەنانەت لەبری ئەوەی عەرەبە هاوردەکانی شاری کەرکوك بگەرێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان کەچی بەپێچەوانەوە نەك عەرەبەکانی کەرکوك نارۆنەوە بەڵکو ملی رێگەیان بۆ سلێمانی و هەولێر گرتۆتەبەر.

بەپێی دەستووری عێراقیش ئاساییە هەر هاوڵاتییەکی عێراقی لەکوێی عێراق دەژی ئەم برگەیە لەدژی کوردە چونکە کورد ناتوانی لەناوچە عەرەبنشینەکان بژی بەڵام ئەوان دەتوانن بەئازادانە لەکوردستان بەعەگال و نەعلەوە پیاسەبکەن ئەمەش وادەکات نەك کەرکوك بەڵکو شارەکانی تریش پڕ بکرێن لە هاوڵاتی عەرەب.

شوان خالد - توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵی: عەرەبەکان سودیان لەمێژووی خۆیان وەرگرتووە، چونکە کاتی خۆی جوولەکەکان بەبیانووی جۆراو جۆرو پاساوی لاوازەوە کۆچیان بەرەو فەلەستین کرد، تەنانەت هەندێکیان لەبەرگی مەسیحیداو بەبیانووی ئەوەی زیارەتی شوێنی لەدایك بوونی عیسا دەکەن لەشاری ناسرە هاتن بۆ فەلەستین و ئیتر هەر نەگەڕانەوە تاوایان لێهات جولەکەکان توانیان یەکەم دەوڵەتی خۆیان لەسەرخاکی لەفەلەستین دابمەزرێنن.

ئێستا عەرەبەکان هاتوون هەمان ئەو فێڵەی لەخۆیان کراوە لەئێمەی دەکەن و خەریکە شارە هەرە رەسەنەکانیشمان تەعریب دەکەن، من وا تەسەور دەکەم گەر ژمارەیان بگاتە سەد هەزار داوای ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەن ئێستاش دەبینین شار پڕبووە لەدکتۆر و کۆمپانیاو ئەندازیارو کارمەندی عەرەب بەقەناعەتی من مەبەستی هاتنی عەرەبەکان تەنیا مەسەلەی ئەمنی نییە بەڵام من

چی بکەم جەنابی مام جەلال ئەمرۆ بۆتە باشترین سەرکردەی عێراقی عەرەبی و بەبڕیارێکی زۆر تاکڕەوانە کوردستان دەکاتە شوێنی حەوانەوەی براعەرەبەکانی کە ئێستا کەم کەس هەیە ئەو دڵسۆزیان بێت.

تریفە عوسمان – خوێندکاری زانکۆ دەڵی: هاتنی ئەو عەرەبانە بەلای منەوە شتێکی ئاساییە بەڵام ئەگەر لەسنووری خۆی دەرنەچی و دەزگاکانی ئاسایش وریا بن جگە لەوە داوادەکەم لەهەندی شوێندا سنووریان بۆ دابنری دەچی بۆ پارکی ئازادیی لەبەر عەرەب رێگە نییە، دەچی بۆ هەر سەیرانگایەك لەبەر عەرەب بەرکەس ناکەوی تەنانەت سەرانگای ئەحمەد ئاوایان واپیس کرد ئەوە ماوەیەکە داخراوە.

هاوڵاتی سەلاح جەمیل وتی: بەشێکی زۆری ئەو عەرەبانە بۆ بڵاوکردنەوەی کاری لەشفرۆشی هاتوون، من لەچەندین کەسم بیستووە چەندین ماڵ و جێگەو شوێنیان بۆ ئەو کارە داناوە، تەنانەت دەڵێن لەهەندێك هۆتێل دا ئەو کارانە دەکەن ئەمەش کارێکی باش نییە و لەوانەیە ببێتە هۆی بڵاونەوەی نەخۆشی کوشندەی وەك ئایدز، من برادەرێکم دکتۆرە و بۆم باسدەکات رۆژانە دەیان گەنج سەردانی دەکەن کە تووشی نەخۆشی خراپ بوون لەئەنجامی کاری سێکسییەوە کە لەوەتی ئەو عەرەبانە هاتوون زۆر زیاد بووەو تەشەنەی کردووە.

*بەشێوەیەکی گشتی کۆی ئەو هاوڵاتییانەی لەمیانەی بەدواداچوونە رۆژنامەنووسییەکەماندا دواندمانن حەزەریان هەبوو لەسەر هاتنی ئەو عەرەبانە و پێیان وابوو دەبێت حکومەت نەهێڵێت چیتر بێنە کوردستان چونکە کەمترین ژمارەیان بەبی مەبەست و بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئەمرۆی عێراقەوە هاتوون هەر هەمووشیان لایان وابوو گەر حکومەت لەئۆردوگایەکی دوو لە سێنتەری شارەکاندا جێگیریان بکات کارێکی زۆر باشە و مەترسییان لەسەر دۆخی کوردستان نابێت.